# هەڕەشەی تورک پێشینەی تیرۆرە
# تیرۆرکردنی(دینک) نموونەی کاردانەوەی شۆڤێنیانە

فەرهاد محەمەد



بیری شۆڤێنی ئەگەر لە ڕەگەوە ڕیشەکێش نەکرێت، ئەوا هەموو کات چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت دامەزراوەکانی دەوڵەت ڕووبەڕووی ئیحراجی نێودەوڵەتی بکاتەوە، کە ئەمەش واقیع حاڵی ئێستای تورکیایە.

لەم جیهانەدا تورکیا تەنیا دەوڵەت نییە لە جەنگدا دۆڕابێت، یان لە گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا، پێگەی هەرێمی بچووک بووبێتەوە، هەربۆیە دەبوو پەندو هەڵسانەوەی لە شکست و خۆ بونیادنانەوەی دەوڵەتانی دوای شەڕ وەربگرتایە، بەڵام بەداخەوە پێدەچێ چەق بەستنیان لە ئاستی گۆڕانکارییەکان و خەوبینیان بە دوێنی شەڕی سارد و پێڕێی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، هێندەی دیکە بەرەو دوایان دەباتەوە.

ئەڵمانیا و ژاپۆن دوای ئەوەی لە شەڕی دووەمی جیهانیدا دۆڕان، لاپەڕەیەکی نوێیان هەڵدایەوە و زۆر بە زووی لە نێو کۆمەڵگەی جیهاندا خۆیان گونجاندەوە، ئێستا دەبینین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ژاپۆن ئەو دەوڵەتەیە لە هەموو هاوکێشەیەکدا توخمی سەرەکیە و لەسەر ئاستی ئابووری جیهانیش کێ برکێی لەناو حەوت دەوڵەت پیشە سازییە گەورەکەی جیهان دەکات، ئەڵمانیا لە ژاپۆنیش زیاتر، وێڕای پێگەی ئەورووپی و ئاستی بەرزی ئابوورییەکەی لە جیهاندا و، لەگەڵ ئەوەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشیش نییە، بەڵام ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە کێشە سیاسییەکانی جیهانیشدا دەگیرێت، هەروەها ئیسپانیای دوای فرانکۆش دیسان نموونەیەکی زیندوە کە ئێستا بێجگە لە پێگە ئەوروپیەکەی، لە دەریای کارییبیەوە تا سەرتاسەری کیشوەری ئەمەریکای باشور ئەو هێزەیە کە کەس ناتوانێت فەرامۆشی بکات.

ئەم چەق بەستنەی تورکیا، هەستێکی سەیری لای هاووڵاتییانی تورک دروستکردووە، کە ئەویش هەستی خۆ بە گەورە زانین و بە بچووک سەیرکردنی نەتەوەکانی دیکەیە، بەتایبەتی کورد و ئەرمەن، هەر ئەم هەستەش وایلێکردوون کە نەتوانن خۆیان بگۆڕن و لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی شوێنی خۆیان بدۆزنەوە، ئێستا لای هاووڵاتییانی تورک ئەو ڕەفتارانەی لەسەردەمی حوکمڕانی عوسمانی دژ بە کورد و ئەرمەن پیادە کراوە و جیهان وەک جینۆساید و کۆمەڵکوژی ناساندوییەتی لە ناو ناخی خۆیاندا شانازی پێوە دەکەن وەک جۆرێک لە هەژموون و باڵا دەستی نەتەوەی تورک بەسەر نەتەوەکانی دیکە سەیری دەکەن، هەربۆیە پەردە لە ڕووی هەڵماڵینی ئەو تاوانانە وەک خیانەتێکی نیشتمانی دژ بە نەتەوەی تورک لێکدەدەنەوە.

لە یەکدو ڕۆژی ڕابردوودا «دینیک» ڕۆژنامەنووسی ئەرمەنی و خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ئاگۆس» لە تورکیا تیرۆرکرا، ئەم تیرۆرکردنە کارێکی لە ناکاو کتوپڕنەبوو، بەڵکو پیشینەی کۆمەڵێک هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆی لایەنە ڕەسمیەکان و غەیرە ڕەسمیەکانی تورکیا بووە.

«هیرانت دینک» لەبەر ئەوەی داکۆکی لەمافی نەتەوەی ئەرمەن کردووە و جینوسایدی دژی نەتەوەکەی و نەتەوەی کوردی ڕیسوا کردووە، ڕووبەڕووی هەڕەشە و لێپرسینەوەی دادگایی بووە، بەڵام سەرەنجام بیری شۆڤێنی بەرگەی ڕەخنە و داکۆکی لە مافی نەتەوەی بەرامبەری نەگرت وئەم ڕۆژنامەنووسە لەسەر مافی نەتەوەکەی تیرۆرکرا.

سەبارەت بە کاردانەوەی توندی تورک چەند هەفتەیەک لە مەوپێش ڕۆژنامەنووسی تورک «ئیلنور چەڤیک» کە گۆشەیەکی هەفتانەی لەم گۆڤارە هەیە، ئاماژەی بەوە کردبوو پێویستە کورد نەهێڵێت تورک توڕەبێتە لەبەر ئەوەی دواتر کاردانەوەی زۆر خراپی دەبێت.

چەڤیک لەم دەستەواژەیەی نووسیبووی، مەبەستی ئەوە نەبوو ئێمە بترسێنی، بەڵکو مەبەستی ئەوەبوو ڕاستییەکمان پێ بڵێت، کەلای ئێمە تەواو ئاشکرا نییە، بەڵام تیرۆکردنی «دینک» لە زۆر مەسەلە بە ئاگای هێناینەوە ئەوەش ئەوەیە دەبێ لە مەترسی توندڕەوی بیری شۆڤێنانە هوشیاربین و ئەو هەڕەشانەی ئەمڕۆ ئەردۆگان لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و لە کەرکووکی بەتایبەتی دەکات، هاندانی زیاتری توندڕەوی شۆڤینانەیە، ڕاستە جیهانی ئەمڕۆ، جیهانی سەردەمی شەڕی ساردو و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نییە و سەرەنجام وەک تیرۆرکردنی«دینک» تورکیا زیانی گەورە دەکات، بەڵام دەبێ هێندەش ئاگامان لەخۆمان بێت پریشکی گەورەمان پێ نەکەوێت.